
## دواکۆچێکی ناوەختە!! ... مەهدی خەمبار

1



پێشکەشە بە خانمە هونەرمەندی شۆڕشگێری گەل خاتو مەرزیە فەریقی ئەی ژنە پێشمەرگە خۆ نەویست و ماندو نەناسەکە، من دەزانم. . زۆر لە مێژە کۆڵی خەم و قەڵەمێکی خۆڵەمێشی و پارچە کاغزێکی سپی، لەتێ نان و مەتارەیەک ئاوی حەیاتت، لە کەشکۆڵە کوردەواریەکەت کردبوو، بۆ کوێ دەچوی، ڕوت لە هەر خانەخوێیەکت دەکرد. . بە شانی خۆتتدا دا و لاقەکانت ماندو بون پەی پێ نەدەبرن، بەرزی و هەوراز و دڕکەزێکانی سەر ڕێت، گرەویان لێت نەدەبردەوە و چۆکیان بە هەنگاوەکانت دانەدەدا!

ڕو لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە بکەین، یادگارێکی تۆمان بە دیاری پێ دەبەخشێت و سرودێکی تۆمان بە گوێدا دادات، ڕو لە هەر ماڵە ڕەوەندێک و هەر ڕەوە مناڵێکی بێ کەس و ڕوت و ڕەجالی پاشماوەی ئەنفال و هەر هەناسەی شەپۆلی دەریایەک و هەر هاژەی روبارێکی شێت و لرفە بارانی سەر هەر کێڵگەیەکی سەوز و شریخەی هەر گەواڵە هەورێکی بەهاران و هەر ژوانێکی عاشق و هەر و هەر و هەر و هەر. . لە من باشتر تۆیان دەناسی، ڕوت لە هەر گوند و شارێکی وڵاتەکەت بکردبایە، کوڕ و کاڵ و شەنگە بێری و گوڵاڵە سورەکانت، بە چەپکە نەرگزەوە لەم بەر و ئەوبەری جادە و شەقامەکاندا قەتاریان دەبەست، لە پێشوازی کەژاوەتاندا دەوەستان و ماچ و گوڵبارانیان دەکردی!

کەسێک ئەو کاتانە، ئەم کۆچی ناوەختەیەتی بە بیردا نەدەهات و هەرگیز لە ڕوخساریاندا، سیمای خواحافیزی ئەم بارگە پێچانەوەیەتیان لێ بە دی نەدەکرا!!

نەماندەزانی کە جارێکی تر غوربەت دەبێتەوە هاوڕێت و ئازارەکانی غوربەت و چاوەڕوانی هێنانەدی خەونە ئەرخەوانیەکانت، بەر لەوەی لە ئامێزی ئۆخەییدا، ڕۆحە ماندوەکەت لە پاڵ سێبەری لادیوارێکی شارە لە مێژ نەدیتەکەتدا بحەسێنیتەوە، بی بەزەییانە دەست لە بنەقاقات گیر دەکات و زەردە خەنەکانت کە هەمیشە بۆنی گەشبینی ژیان و چۆک دانەدانیان لێ دەهات لە سەر لێوە تەڕەکانت بتارێنێت و مەلی ژیانی خۆزگەکانت لە سەر بەرزترین چڵەوە هەڵبفڕێنێت!!

ئێستا کەرەم کە ئەی خاتونە کوردە عاشقە وڵاتەکەم، کەرەم کە با ڕۆحی شەتەکەت بێ پاسەپۆرت، بە سەر دڕکەزی سنورە لێ داخراو و مین ڕێژەکانی دوێنێتدا، کە گوزەرت پییدا یاساغ بوو، ئێستا بفەرمە و بەرز بفڕە و لە شەقەی باڵ بدە، ئێستا بکوژانی خۆشەویستی خاک و نەیارانی عیشق و ئازادی ناتوانن ڕێت پێ بگرن. بفەرمە با چیتر ئاوارەیی داخ نەنێت بە هەناسە قەتیس ماو و زەردەخەنە، ووشک

2

هەڵگەڕاوەکەتەوە و بچۆ لەوێ لە وڵاتەکەی خۆتدا لە ناو ئاپۆرەی عاشقانی ڕاستەقینەی خۆت و لە سەر بەرزە چڵی داری ئازادی گەلەکەتەوە سرودەکانت بۆ سەربەستی گەلەکەت بڵێوە، بچۆ لەوێ خۆت ئارایش بکە و پەڕۆکەیەکی کەسک و سپی و سور و زەرد ڕەنگ ئامادەبکە، تا لە زەماوەندی ئەم گەڕەکەی تریشدا کە یەکێک بوو لە ئاواتەکانت و شەو و ڕۆژت بۆی پێکەوە گرێ دابوو بەشداری بکەی.

ئەوەی ئێستا و دوای ئەم کۆچە ناوەختەیەت نیگەران و هەراسانی کردوین و نەپوشکانی گوڵی ئاواتەکانت بوو وەک هەزاران هەزاری تر و بردنی ئەو ئاواتی گەیشتن بە ئازادی و هەڵمژینی بۆنی گوڵی سەربەستی یەکجارەکی خاک و گەل و پچڕانی کۆتی کۆیلەیی و ژێر

دەستەیی ئەو بستە خاکەی کە دڵە گەورەکەت یەکەم ترپەی کوردبونتی تیا لێدا، ئەو مەنزڵگەیەی کە چاوە گەشەکانت تێدا هەڵهێنا و جوانی سروشتەکەیت بۆی کردە سۆما!

ئەی خاتونە کوردەراریە خەم هەڵگرەکەی گەلەکەم!

ئێستا تۆ و هەموو ئەوانەی وەکو تۆ تەمەنیان بۆ میلەت کرد بە مۆمی ڕوناکردنەوەی ڕێگای سەرفرازی، دڵنیابن نە دەمرن و نە خۆشەویستیتان کاڵ دەبێتەوە و نە دەروازەی دڵیشمان بە ڕوتاندا دادەخەین، ئیوە تەنها جەستەکانتان ماڵ ئاواییمان لێ دەکەن! بۆیە بەو جەستە شەتەک و ماندو، بەو ڕۆحە وەک ئاسمان بەرز و بەو هەستە وەک ئەستێرە پرشینگدارەت دەڵێین مال ئاوا. . ماڵ ئاوا تا دوا بارگە پێچانەوەمان و دیدارێکی ترمان لە گەڵتا ماڵ ئاوا. . دە تێر بنو ئەی خاتونە ڕۆح شەتەک و ئەی دڵە گەورە پڕ لە خۆزگە و خەونە قەتیس ماوەکە!، دە تێر بنو. . ئێمە گەواهی دەری سەرچۆپی گرتنی زەماوەندی گەرەکێکی شارەکەتین و گەواهی دەری بەشداری پڕ حەماس و جۆش و خرۆشی ئازاری گەلەکەتین، گەواهی دەری دانەبرانی چرکەیەکتین لە خۆشی و ناخۆشی، گەرمی و ساردی، تاڵی و شیرینی گەلە چل ملێۆنیەکەت. .

ئەمانە مەدالیای پیرۆزی و بە زیندویی مانەوەتن و هەتا هەتایە بە شانازیەوە لە ملتدا دەمێننەوە، کەمن ئەوانەی ئەم مەدالیایەیان لە لایەن گەلەکەیانەوە لە مل دەکرێت، پیرۆزت بیت ئەم پاسەپۆرتی سەربڵندی و نیشتیمان پەروەریەت!!

لەم کۆچە ناوەختەییەتدا. . . زەنگوڵێک فرمیسک. . چڵێک نەرگز دەکەمە دیاری بۆت!

کێ وەکو تۆ بەم جۆرە ئاسودە دەبێت و پاش خۆی مێژویەک لە سەروەری و بەرخۆدان و شانازی بە جێ دەهێڵێت!! دە تێر بنو با چیتر ماندوبونی بی پشودانی دەیان ساڵەت ئازاری ناخت نەدەن و ئەم خەوەش لە چاوانتدا نەتۆرێنین، خوا حافیز و هەزاران خوا حافیزی تەنها لە جەستەی ماندوتان!

لە کۆتایشدا

3

پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمیم بە هونەرمەندی دڵسۆز و گەورەی گەلەکەمان کاکە ناسری ڕەزازی هاوسەری خاتو مەرزیەی جوانە مەرگ و تێکڕای جگەر گۆشە و کەسوکار و دۆست و هاوڕیانیان دەگەێنم و جیگای مەرزیە خانمیش بەرزترین چلی داری ئازادی بێت.

mehdi. xembar@24. fi